خراپی  باری ژیان و گوزەرانی هاولاَتیان و بەردەوامی خەباتی ناتوندوتیژی لە هەرێمی کوردستان.

بەر لەهەر شتێك دەمەوێت بلێم کە دانیشتوانی ئەم هەرێمە نزیکەی 5ملیۆن کەسن و  زیاتر لە1 ملیۆن و شەش سەد هەزار موچەخۆری هەیە.

لە ڕابردوودا دەسەلاَتدارانی ئەم هەرێمە بە دەیان هەزار کەسیان لە کەرتی گشتی دامەزراندووە بەبیَ پێداویستی ، و هەزاران کەسی نەشیاویان بە پلەی بالاَ خانەنشینکردووە ،کە چەندان کەس لەوانەی دەستیان بەخوێنی خەلَکی ئازادی خواز سوربوو خزاندویاننە ناو لیستی مووچەی شەهیدانەوە ،و هەندێك جار موچەی شەهیدانەی مرۆڤێکی پیاوکوژی خوێن ڕێژ چەند هێندەی مووچەی شەهیدێکی ڕاستەقینەیە( شەهیدی بندیواریش هەیە ، کابرایەك چووبوو موچەی شەهیدانەی خۆی وەربگریَ) ، هەروەك هەریەك لەم حزبانە مووچەیان بۆ سەدان کەس بە ناوی پێشمەرگەی دێرین و بە ناڕەوایی و ئەمانەش بە تەنها لە  پێناو کڕینی (دەنگ ،  وەلا ، ویژدان  ) و ڕازیکردن کە بە دلَنیاییەوە موچەکانیان لە داهاتی گشتی خەرج دەکرێت  لە بەرانبەریشدا سەد ڕۆژە مامۆستایانی سلێمانی و هەلَبجە و ئیدارەکانی ڕا پەڕین و گەرمیان بۆ داواکردنی موچە و شایستە داراییەکانیان و گێڕانەوەی شکۆی  پیشەییان بایکۆتی ناوەندەکانی خوێندنیانکردووە و دەیان جار خۆپیشاندانی ئاشتیانە و ڕێپێوان یانکردووە، بەلاَم دەسەلاَت بیَ باکانە هیچ وەلاَمێکی ئەرێنی داواکارییەکانیانی نەداوەتەوە و کەوتۆتە هەڕەشەکردن و گرتن و فڕاندن و سوتاندنی ئوتۆمبێلی چالاکوانان و فڕاندنی کەس و کاریان.

جا بۆ ئەوەی بزانن ئێرە کوێیە و ئەم ئێستایە لە کوێوە هاتووە پێم باشە تۆزێك بتانگێڕمەوە بۆ دوێنیَ تکایە وەرن لەگەلَم.

1/ کورد لە مێژە بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ کۆشش دەکات وەلیَ شتێکی تری دەستگیر بوو

لای هەموان ئاشکرایە کە نەتەوەی کورد بە گشتی و گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان سالاَنێکی زۆرە لەبەرخودان و کۆشش و شۆڕشی بەردەوامدایە بۆ دەستەبەرکردنی مافە مرۆیی و نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانی لەم بوارەشدا سەدان هەزار شەهیدی بەختکردووە.

2/ ڕا پەڕین

خۆش بەختانە لە سالَی 1991ز بەهۆی هەلَەیەکی ستراتیجی ڕژێمی سەدام حسین  و تەدەخولی زلهێزانی جیهان ، ولاَتانی هەرێمی ، ڕا پەڕینی بەشێکی زۆری خەلَکی هەرێم و بەشداری پێشمەرگە توانرا بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی عێراق لەژێر دەستی ئەو ڕژێمە دەربهێنرێت، وە لەو مێژووە بە دواوە ئیدارەیەکی کوردی لەهەرێمی کوردستان حکم

دەکات،کە بەداخەوە تا ئێستا زۆرێك لەو دەم و چاوانەی کە ساڵی 1991 دەسەڵاتیان وەرگرت هەر لە لوتکەی دەسەڵاتدا ماونەتەوە و بەدەگمەن نەبێت نەگۆڕدراون

3/ یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی.

لەساڵی 1992ش یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە هەرێم کرا ، وەلێ مخابن لەبری حزبە بەشدارەکان دەنگ دەران و لایەنگرانیان هانبدەن کە بە دەرئە نجامی هەڵبژاردن ڕازیبن و "براوە" حکم بکات و "دۆڕا "و ببێتە ئۆپۆزسیۆنێکی وەفادار بە پێچەوانەوە کەوتنە تەزویرکردنی دەنگی دەنگدەران و پاشانیش دوو حزبی چەکدار کە هەردووکیان خۆیان بەبراوە دەزانی ئە نجامەکەیان قبوڵ نەکرد ئەمەش مخابن سەریکێشا بۆ شەڕی ناوخۆ و براکان کەوتنە کوشتنی یەکتری و لە پێناو دەسەڵات و پارە و داهاتی گومرگ و داهاتە ناوخۆییەکاندا هەزاران کەس کوژران؟؟؟ .

وە بەم هۆکارەش هەزاران هاوڵاتی دی لەدەست کوشتار و شەڕ و نەهامەتی هەڵهاتن و وڵاتیان جێهێشت و وەك پەنا هەندە ڕویان لەوڵاتانی جیهانکرد.

4 / براکوژی و دوو ئیدارەیی

ئیدی بەجۆرێك لەجۆرەکان هەرێم دابەش بوو بەسەر دوو زۆندا ( زۆنی سەوز ی ن ك ، زۆنی زەرد پ د ك )، وە هەریەکێکیان پەرلەمان و حکومەت و دەسەلاتی دادوەری خۆیان هەبوو،کێبڕکێیەکی بەهێز لە نیوانیاندا هەبوو بۆ فراوا نخوازی لەسەر حسابی بەرانبەرەکەیان و لەم پێناوەشدا سڵیان لەهیچ نەکردۆتەوە هەر لە پەلکێشکردنی وڵاتانی دراوسێ تا هێنانەوەی جیش و دەبابەی صدام حسین بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستان و هاوکات هەریەکێك لەم دوو حزبە کەوتنە تالآنکردن و فەرهودکردن تەنانەت( ستونکی کارەبا و محولە و مکاین وشۆفڵ و پردەکانیان ) ئەودیوکرد و بەشێك لە پارەکانیان دایە چەك و تەقەمەنی و کوڕ و کچی ئەم هەرێمەیان پێدەکوشتن و بەبە شێکیشی دەچونە ئەوروپا و ئەمریکا بۆ ڕابواردن و پیاسە.

هاوتەریب لەگەڵ ئەمەدا حزبەکان کەوتنە دامەزراندنی کۆمپانیا و بە پێی زانیاریەکان هەریەکێکیان چەندین کۆمپانیایان دامەزراند و بەجۆرێك لەجۆرەکان بازاڕیان قۆرخکرد ، وەك نوکتە دەڵێن "ئەگەر بەرپرسێك هاوبەشت نەبێت ناهێڵن نانەوخانەکیش دابنێیت" .

هەروەها خوێندن لە( قۆناغی ئامادەیی و پە یمانگا و کولیژ و زانکۆکاندا ) و دامەزرداندن و پلە و پۆست وەرگرتن بوونە محسوبیەت و منسوبیەت و لەبری وەزیر و سەرۆکی حکومەت بارەگای حزبەکان خەڵکیان دادەمەزراند و

دەیانگواستنەوە و پلە و پۆستیان دەدانێ ، بەمەش سەدان کچ و کوڕی لێهاتوو و لێوەشاوە پەراوێزخران و توانا و بەهرە و لێوەشاوەییەکانیان سودی لێوەرنەگیرا و لەجێی ئەوان کەسانێکی تری حزبی و کەس و کاری بەرپرسان سودمەند بوون.

کارمەندانی کەرتی گشتی لە مامۆستایان و مامۆستایانی زانکۆ و فەرمانبەران ترینین و مەشقیان نەبوو ، بەرەبەرە ئاستی خوێندن و کوالیتی خزمەتگوزاریەکان دادەبەزین ، ئەوەی کە هەش بوو تەنها پاشماوەی ئیدارەکەی سەدام بوو لە شارەزایی و توانای کارمەندان.

............................

5/ کەوتنی ڕژێمی بەغداد

لە پاش کەوتنی سەدام حسین لە 2003 ز ئیدی بۆ دابەشکردنی غنیمەیەکی چاوەڕوانکراو کە ڕەنگە لە میراتی ڕژێمەکەی سەدام بەشیانبدرێت ئەم هێزانە بەجۆرێك لەجۆرەکان لێك نزیك بوونەوە و بە ڕوکەش زۆنەکانیان تێکەڵکردەوە و کردیانەوە بەیەك بەڵام لە ناوەرۆکدا( 48 * 52 )یان( 50 * 50 )کە هەرمایەوە.

هەروابوو هەرێم پشکێکی باشی لە میزانیەی عێراق پێبڕا کە ڕێژەکەی نزیکەی ٪17 بوو ، هاوکات بەهۆی زۆری گوژمی ئەو پارەیەی لە بەغداوە دەهات ئەم هیزانە ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکیان خانە نشینکرد ، و بەلێشاو خەڵکیان دامەزراند بە موچەی خەیاڵی، بەم شە پۆلەی دامەزراندن زەرەرێکی گەورەی تریان لە کەرتی کشتووکاڵ و پیشەسازی دا ، و دانیشتوانی گوندەکان زۆرینەیان بوونە چەکدار و گوندەکانیان جێهێشت و زەوی و زار و مەڕ و ماڵاتەکانیان هەرزانفرۆشکردن ، ئێستا ئەوانیش وەك زۆری خەڵکی کوردستان ژیانیان بەستراوەتەوە بە نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهاندا و مەخابن لە دەستێکی بەرهەم هێنەوە بوونە بەکاربەر و مانگانە چاوەڕوانی موچەکانیان دەکەن

( قسەیەکی مالکی هەیە کە دەڵێت لە ساڵی 2003 تا 2013 بڕی 117 ملیار دۆلارمان ناردووە بۆ هەرێم .

دەسەلاتدارانی هەرێم بەم هەنگاوەیان زیانێکی گەورەیان لە ئایندەی ئەم هەرێمە دا وە هەموو ئەو گوندانەیان کاول و خاپورکرد کە سەدام حسین نەیتوانی چۆڵیان بکات .

دەسەلات داران و گەورە بوونی بزنسە کانیان.

وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ بوونە خاوەنکار و کۆمپانیا و بزنسی گەورەیان دەستپێکرد هەندێك بە ئاشکرا و هەندێك بە نهێنی وەلێ هێدی هێدی بەرژەوەندیەکانی بەرپرسان گەورە ترو گەورەتر دەبوون تا بابەتی

بازرگانی نەوت و غاز و زەوی و زار (مسا تحە ، وەبەرهێنان )، تەندەرە زەبەلاحەکان، ...هتد. بووە کار و بزنسی هەندێك لە دەسەلاتداران و نێوەندگیر و کەس و خزمەکانیان کە بە ملیارەها دۆلاریان تیادا سودمەند بوون .

6 / پەیوەندی هەولێر بەغداد لە ئێستادا

دەبێت بگوترێت کە لە ساڵی 2003 واتە لە پاش کەوتنی سەدام، لە ژێر فشاری وڵاتانی دراوسێ یان هەرێمی یاخود وڵاتانی دیدا پەیوەندیەکی تارادەیەك باش هەبوو لە نیوان هەولێر و بەغداد ،لەم چواچێوەیەشدا خەڵك کەمێك بوژانەوە چونکە وەك باسمانکرد هەرێم ڕێژەی نزیکەی لە ٪17 ی میزانیەی عێراقی پێدەدرا، بەلام بەداخەوە لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی چەند لایەنێك یان چەند کەسێکی دیاری کراو هەرێم ڕازی نەبوو بەوەی کە چیتر نەوتی هەرێم ڕادەستی بەغداد بکات. بەمەش پەیوەندی بەغداد و هەرێم لاواز و لاوازتر بوو تا گەیشتە ئەوەی حکومەتی مەرکەز وەك کاردانەوەیەك بڕە بوجەی هەرێمی بڕی.

لەو نێوەندەشدا زەرەرمەندی یەکەم هاولاتیانی هەرێمی کوردوستان بوون چوونکە ڕاستە ئێستا هەرێم خۆی نەوت دەفرۆشێت وە گرێبەستی 40 ساڵی و 50 ساڵی هەرێم باس دەکرێت لە گەڵ تورکیا کە بەبێ فلتری پەرلەمان تێپەڕێنراوە و ناشەفافی زۆری تێدایە و نە پەرلەمان نە زۆرینەی وەزیرەکان نە دادگا نە هاولاتی نە حکومەتی مەرکەز کەسیان نازانن هەرێم چەند نەوت دەفرۆشێت و بڕی داهاتەکەی چەندە!!!!.

7 / پاساوی شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوت .

دەسەلاتدارانی هەرێم زیاتر لە ساڵێکە بە پاساوی شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوت مووچەی زۆرێك لە فەرمانبەرانیان کردۆتە نیووە یان کەمتر.

ئەمەش ناڕزایەتی زۆری بەشوێن خۆیدا هینا و خەڵك متمانەی بە دەسەلاتداران نەماوە و نییە کە دەڵێن:-

" کەم بوونەوەی موچە پەیوەندی بە شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوتەوە هەیە"؟

وە هاولاتیان دەپرسن کە بۆچی کاریگەری شەر و قەیرانی دارایی لەسەر دەسەلاتداران دەرناکەوێت ؟.

ئەی بەغداد کە هەمان شەڕ دەکات و نرخی نەوتی ئەویش دابەزیووە بۆ دەتوانێت موچە بدات؟؟ .

کە ڕاستە و قەیران هەیە بۆچی پاسەوان و کاروانی ئوتومبێل و ڤێلا و گەشت و گەڕان و دەست و پێوەندەکانی بەرپرسان کەم نەبۆتەوە!!!!!!؟؟.

یان بۆچی لەم کاتەدا کە دەسەلاتداران خەڵك برسی دەکەن خۆیان و حزبەکانیان چەندین کەناڵی ڕاگەیاندنی نووێ دادەمەزرێنن!!!!؟. کە خەرجەیەکانیان لە داهاتی گشتی بۆ خەرج دەکرێت ، وە لە ڕێگەی هەندێك لە ئەو میدیایانەوە ژەهر لە نێو کۆمەڵگەدا دەڕێژرێت و بەکاردەهێنرێن بۆ ناشرینکردن و بەشەیتانکردنی بەرانبەرەکەیان و ماکیاجکردنی دەسەلاتی بێزراوی خۆیان .

بەکورتی هەرێم تا بیناقاقای گەندەڵی داپۆشیووە، بەجۆرێك سێکتەرێك نابینی گەندەڵی داینەخواردبێت هەر لە کەرتی نەوت و غاز تا دەگات بەبچوکترین پرۆژە؟

8 / ئایە ئەم نیزامەی ئێستا هاوبەشی ڕاستەقینە بۆ هەموان فەراهەم دەکات ؟.

کە بەوردی سەیری وێنە گەورەکەی هەرێم دەکرێت تەنها پارتێکی سیاسی بالا دەست و چەند بەر دەست و شاگردێك دەبینیت کە هەندێك چاودیر ئابەم چەشنە پۆلێنی پارتە سیاسیە بەشداری پێکراوەکان ناو حکومەت دەکەن :-

* پارت هەیە دزی سەرەکیە

* پارت هەیە هاوبەشی دزی سەرەکیە.

* پارت هەن ئیرادەی سیاسیان نیە .

* پارت هەن کە ئەزموونی سیاسیان نیە.

مەخابن ناتوانیت لەم نیزامە کوردیەدا جیاکاری لە نێوان دەسەڵتەکاندا بکەیت چونکە بەبۆچونی من شتێك نەماوە بەناوی "جیاکاری نێوان دەسەلاتەکان" لەم هەرێمەدا کە ئەمەش یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی دیموکراسی.

9 / دەسەلاتی یاسادانان

بەر لەهەرشتێك دەبێت ئەوە بزانین کە هەرگیز هەڵبژاردنی نەزیە لەم هەرێمەدا نەکراوە و پارتە دەسەلاتدارەکان هەرچی ئەشکالی تەزویر هەیە تاقییانکردۆتەوە .

زۆر بە رەوانی دەڵێم ببورن لێرە ناتوانیت شتێك بدۆزیتەوە بەناوی دەسەلاتی یاسا دانان !!!!.

لەکاتێکدا بەبڕیارێکی حزبی زیاتر لە ساڵێکە سەرۆکی پەڕلەمان نێردراوەتەوە ماڵەوە و ڕێگەی پێنادرێت بچێتە پایتەخی هەرێم ، هەر لەم چەند ڕۆژەدا دوو پەرلەمانی هەرە چالاکی هەرێم کە هەریەکەیان لە فراکسیۆنێکن و یەکێکیان سەرۆکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤە لە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی هەولێر ڕێگریان لێکرا و گەڕێنرانەوە

بۆ سلێمانی، دەبێت ئەوەش بزانین کە پێش پەکخستنی پەرلەمان یش ، ئەو دامەزراوەیە تەنها بۆ ماکیاژی دەسەلآت بەکارهێنراوە دەنا نە یاساکانیان کاریان پێکراوە( پەرلەمانتارێك کە سەرۆکی لیژنەیەکە وتی ژمارەکی پێوانە یمان تۆمارکردووە بەوەی کە لە سەدا هەشتای یاساکا نمان جێبەجێ ناکرێن )،نە چاودێریکردن و بەدواداچونەکانیان بەسود و کەڵك بۆ هاولآتیان شکاوەتەوە چونکە لەکاتێکیشدا کە توانیویانە بە سەدان مەلەفی گەندەڵی کەشف بکەن دادگا ناتوانێت کەیسەکانیان بجولێنێت یا یەکلاییان بکاتەوە ، وەلەزۆر شوێن دام و دەزگاکان زانیاریان نەدەدانێ و ڕێگری لەکارەکانیان دەکرا ،کەواتە ئەو دەزگایە ناهێلرێت کارەکانی بکات وەك پێویست لە یاسا دانان و چاودێری و بەدواداچوون یان ئەگەر کاریش بکات کارەکە لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە و لەسەر ئەرز خەڵك شوێنەواری ئەرێنی کارەکانی ملامسە ناکات.

لەلایەکی تریشەوە بە پێی ئەو داتایەیی دەست من کەوتوە لە ٪ 80 فەرمانبەرەکانی پەرلەمانی کوردستان سەر بە پارتین ).

..................................................................................

## 10 / دەسەلآتی جێبەجێکردن

لە ڕاستیدا لەو بەناو دامەزراوەیەدا کە ناونراوە" حکومەتی هەرێمی کوردستان" تەنها پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەن ماڵە و ئەوانی تر بە "یەکیەتی" شەوە میوانن تێدا وە ئەم بەناو دامەزراوەیە بەتەواوەتی لە ژێر هەژمونی حزب و کەسانی حزبیدایە وە بەبڕیاری حزب وەزیرەکان ڕێگریان لێدەکرێت لە چونە سەرکارەکانیان .

هاوکات زۆرینەی پێگەکانی حکومەت حزبیەکان لە بارەگاکانیانەوە کاروبارەکانیان هەڵدەسوڕێنن( وەك لە پێشتر ئاماژەم بۆکرد ) حزب وە بەتاییەتی پارتی خۆی ئامر و ناهیە و ئەوەی ئەو بیڵێت دەچەسپێت و پێچەوانەی ئەمەش هەر ڕاستە، لەلایەکی تروە بە پێی ئەو داتایەیی دەست من کەوتوە لە ٪ 90 فەرمانبەرانی ئە نجومەنی وەزیران سەربە پارتین ،و هەرچی پلە و پۆست هەیە هەر لە بەڕێوەبەری باخچەیەکی ساوایان و بەڕێوەبەری خوێندنگە تا دەگاتە وەزیر هەمووی بە بەشبەشێنی حزبی دادەنرێن و پێوەر حزبی بوون و خزمایەتی بەرپرسانە نەك لێوەشاوەیی و توانا شارەزایی .

..................................................................................

11 / دەسەلاتی دادوەری

لە هەرێمی کوردستان دەسەلاتی دادوەری تێبینی زوری لەسەرە چی لە سەر چونیەتی دانانی حاکمەکان ، چی لە سەر چۆنیەتی جێبەجێکردن یاسا لە دادگاکاندا، چی لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی دادوەرەکان لە گەڵ کەیسەکاندا.

هاوکات بە پێی زانیاریەکانی من 80٪ پە یمانگای دادوەران لە حزبێکی دیاری کراون ئە نجومەنی شورا و ئە نجومەنی دادوەری بەرێژەی 50 بە 50 لە نێوان دوو حزبدا دابەشکراون.

دامەزراوە بالاکانی قەزا حزب بەفەرمی کادری خویان بۆ دەنێرن، سەرۆکی دادگاکان بەفەرمانی سەرۆکی هەرێم دادەنرێن ( ئاشکراشە پۆستی سەرۆکی هەرێم و شەرعیەت و ناشرعیەتی یەکێکە لەگەورەترین ئاریشەکانی هەرێم )بە مەرجێك کە مەکتەبی سیاسی دوو حزبەکە تەزکیەیی کردبن ( ئەمە لە سلێمانی کەمێك باشترە )

دادگا هەتا ئێستا هیچ کەیسێکی ( تیرۆری دەوڵەت )ی یەکلایی نەکردوتەوە،وە لە کوی شەش حاڵەتی تیرۆر کردنی رۆژنامەنوسان کە (د. عبدالستار و سۆران مامە حەمە و سەردەشت عسمان و کاوە گەرمیانی و وەداد حسین و شوکری زەینە دین ) هیچیان یەکلایی نەبونەتەوە

دەسەلاتی دادوەری قسەی جدی نەبوە لەسەر سەدان بگرە بە هەزاران کەیسی گەندەڵی و بەهەدەردانی ماڵی گشتی و هەراج کردنی زەوی و زاری گشتی و ...هتد

........................................................................................

12 / میدیا

کێ پارەت ئەداتێ ئەوە ئاراستەت ئەکات.

لە گەرمەی ئەم قەیرانە داراییە مەترسیدارەدا کە مامۆستایان و فەرمانبەران و هاولاتیان ناچارن گورچیلەکانیان بفرۆشن بۆ پەیداکردنی کرێی خانوو و شیری منداڵ و خواردنی رۆژانەیان حزبێکی ئەم هەرێمە بە گوژمەی سەدان ملیۆن دۆلار بۆ میدیا خەرج دەکات و ئالەم کاتەدا لە پێناو گەوجاندنی کۆمەڵگەدا دوو کەناڵی پێشکەوتوو دادەمەزرێنێت وە هەر لەماوەیی ئەم قەیرانە داراییە تاقەت پڕوکێنەدا بە موچەی خەیاڵی 365 کارمەندیان لە ناوچەکانی هەڵبجە و سلێمانی و ئیدارەکانی را پەرین و گەرمیان دامەزراندنووە ، لە بەرانبەردا دوای خولقاندنی ئەو بارە ئابوریە خرا پە پەراوێزێك بۆ میدیایی ئەهلی و سەربەخۆ نەماوەتەوە چونکە کۆمپانیا ناحزبیەکان ئیشیان نەما و زۆرێکیان مایە پوچ بوون بۆیە ریکلامیشیان نەما یان زۆر کەم بوویەوە هاوکات هاولاتیش بەهۆی قەیرانی دارایی خولقێنراوەوە

بەنارەحەتی دەتوانێت نانی خۆی دەستەبەر بكات تا ئەوەی بتوانێت گۆڤار و ڕۆژنامە بكڕێت ، بەمەش( قەیرانی دارایی خولقێنراو ) حزب یان ( پ.د.ك ) توانی بەبەردێك دوو چۆلەكە بكوژێت لەلایەك هێدی هێدی دەنگی ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەهلی و سەربەخۆكانی خەفەكرد یا كاریگەریانی كەم كردەوە ، لە لایەك میدیای حزبی بەهێزكرد بەو پارەیەی لە خەڵكی بڕی بەناوی پاشەكەوتی مووچە وایكرد میدیای ئەهلی لە ساحەكە دەربكات و میدیای حزب بەتەنها لە گۆڕەپانەكەدا گەمە بكەن بەبێ ڕكابەر وە قسەی ڕۆژنامەنوسێكی دیاری پارتی هەیە كە دەڵێت :-" پارتی ساڵانە 1ملیار دۆلار بۆ میدیا خەرج دەكات" .

دەبێت ئەو ڕاستیەش بزانین كە پێش خولقاندنی قەیرانی داراییش لەلایەن دەسەڵاتەوە هەمیشە دژایەتی میدیای ئەهلی و سەربەخۆ كراوە ،ئەگەر لڤین بە نمونە وەربگرین لە ماوەی 15 ساڵی كاركردنیدا بەدەر لە یەك كۆمپانیا لە دهۆك و هەولێر تەنها 10 دۆلاریشیان وەك ڕیكلام پێنەدراوە لەبەرامبەردا میدیای حزبی هەیە لە هەمان ناوچە بە لێشاو ڕیكلامی كۆپانیاكانی پێ ئەدرێت و تەنانەت هەندێك كۆمپانیا سپۆنسەری دەزگای ڕاگەیاندنی حزبی دەكەن چونكە لە بنەڕتدا زۆرینەی كۆمپانیاگەورەكان كۆمپانیایی حزبین، ئەمەش وادەكات میدیای سەربەخۆ لەگۆڕەپانەكە بچێتە دەرەوە و نەمێنێت.

شان بەشانی ئەو جەنگە داراییەی دەسەڵات لەبەرانبەر میدیای ئەهلی دەیكات و پیشتر ئاماژەمان پێدا تیرۆرێكی بە مەنهەج لەبەرامەر ڕۆژنامەنوسانی دەزگاكانی میدیای سەربەخۆ و ئەهلی ممارسەدەكرێت لە چوارچێوەی ئەم تیرۆرەشدا هەریەك لە ڕۆژنامەنوسان ( د. عبدالستار مجید و سۆران مامە حەمە و سەردەشت عسمان و كاوە گەرمیانی و وەداد حسێن و شوكری زەینەدین ) تیرۆركراون ،خۆش بەختانە ئەم تیرۆرە لەبەرامبەر ڕۆژنامە نوسانی حزبیدا نیە .

دەزگاكانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ وە ئەو كەسانەی تیایاندا كار دەكەن بەسەدان سكاڵای یاسایی لە دژیان تومار دەكرێت لە پێناو پاشە كشە پێكردنیاندا وە لەبەرامبەریشدا هەر سكاڵایەك كە میدیای ئەهلی دژی بەرپرس و میدیای حزبی كردبێتی یەكلایی نەبۆتەوە.

لە سلبیاتەكانی میدیایی حزبی ئەم میدیایە تەنها لەسەر یەك ڕوی ڕوداوەكان قسەی هەیە و دیوەكانی تری فەرامۆش دەكات هەروەك پشكیشی هەبووە لە هەڵگیرساندن و تەشەنە كردنی شەڕی ناوخۆدا كە سەدان بەڵكو هەزاران ڕۆڵەی ئەم نیشتیمانەی تیادا بووەتە قوربانی ، دەستی هەبووە لە ناشرینكردنی چەندین جولانەوەی مەدەنی ( 17ی شبات ) و بەشەیتانكردنی چالاكوانان و بەرهەڵستكارانی دەسەلات ( ئەم هەفتەیە ئێمە بووینە قوربانیان ).

ئاشكراشە كە تایبە تمەندیەكانی میدیای حزبی بریتین لە :-

سەرچاوەی داهاتەکەی لە داهاتی گشتیە و میدیایەکی لایەنداره و ئاسایشی نیشتیمانی و ئاسایشی کومەلایەتی تێکداوە. و میدیایەکی درۆزن بووە.

........................................................

13 / ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی

ئەم حزبانە لە بودجەی گشتی سەدان بەڵکو هەزاران ڕێکخراوی مەدەنی بندیوار و بێ پرۆژەیان دامەزراندوە کە کاریان تەنها ماکیاج کردنی ڕوی ناشرینی دەسەلاتە وە هیچ سەنگ و قورساییەکیان نیە لە دروستکردنی ڕایی گشتی

لەبەرامبەر ئەم هەمو خرا پیە لە سەرجەم پێگەکانی کۆمەڵگەدا چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی و خەڵك لەدەرەوەی پارت و حزبە سیاسیەکان و بەناو رێکخراوەکانی کومەلگەی مەدەنی هەوڵ بۆ بە گژداچونەوەی گەندەڵی و فەرهودکردنی سامانی گشتی دەدەن,

بەلام ئەم دەسەلاتەش هەرگیز درێخی نەکردوە و ناکات لەوەی تواناکانی خۆی بۆ کپ کردنەوەو نەهێشتنی دەنگی ناڕەزایەتی خەڵك و سەرجەم چین و توێژەکانبەکار بهێنێت لەم چواچێوەیەشدا تیرۆری کەسایەتی و تیرۆری فیزیکی هەمیشە لە دژی هاولاتیانی ناڕازی بەکار دەهێنێت، وە دەیەوێت وانیشان بدات کە خەباتی ناتوندوتیژی کاریگەری لەسەر ئەو دروست ناکات .

بەمەش هاولاتی توشی بێ ئومێدی دەبێت کە دەبینێت دەسەلاتێك بە بەرچاوی هەموو دونیاوە بەبێ ڕەوایەتی ( شرعیەت ) شەق لە شرعیەت و سەروەری یاسا هەڵدەدات و هەڵبژاردنەکانی تەزویر دەکات و هاولاتیان و ڕۆژنامەنوسان و چالاکوانانی مەدەنی دەکوژێت و سەروەت و سامانی نیشتیمانێك دەدزێت و خاکەکەی هەرزانفرۆش دەکات و بازرگانی لەگەڵ داعش دەکات کەچی هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تعامولی لەگەڵ دەکات و چەکی دەداتێ کە زۆر نزیکە لە ئایندەدا ئەو چەکە لە دژی هاولاتیانی سڤیلی هەرێم بەکاربهێنرێت.